گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕێگای ئاوریشمی نوێ و هاتنەپێشەوەی چین وەك زلهێزێکی جیهانی

**م.ی احمد بابکر احمد**

بەشی دیبلۆماسیەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان، کۆلێژی یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

Ahmed.babakr@lfu.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢٠/١١/٢٧

پەسەندکردن: ٢٠٢١/١/٤

بڵاو کردنەوە: زستانی ٢٠٢١

**Keywords:**

*The New Silk Road, China, the United States of America, Russia, India*

Doi:

10.25212/lfu.qzj.6.1.4

## پوختە

ڕێگای ئاوریشمی نوێ یان دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگا، یەکێکە لەو پرۆژە گرنگ و ستراتیژیانەی وڵاتی چین کە بەشێك لە وڵاتانی ئەوروپا و ئاسیای ناوین و ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەیەکەوە دەبەستێتەوە. مەبەست لەم پرۆژەیە کەم کردنەوەی دووری نێوانیانە چ بە ڕێگای دەریایی یان وشکانی بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بە خێرایی و ئاسانتر لە جاران، لە چینەوە بگاتە ئەو وڵاتانە و چینیش کەرستەی خاو و سەرچاوەی سروشتی بۆخۆی دەستەبەر بکات. ئەمە جگە لە بەرژەوەندیەکی ئابووری گەورە و هەمەلایەن، لەلایەکی تر دەبێتە هۆی هاتنە پێشەوەی چین چ لە رووی سیاسی و هەژموونی بەسەر ئەو وڵاتانەی دەکەونە چوارچێوەی ئەم پرۆژەیە و ناوچەکە، دواتر دەرکەوتنی وەك زلهێزێکی جیهانی. چین دەستی بەجێبەجێکردنی هەنگاوەکانی کردووە چەندین ڕێککەوتنامەی لەوبارەیەوە واژوو کردووە. بەڵام ئەم پرۆژەیەی چین بەبێ بەربەستیش نیە کە چین بتوانێ هەموو ئامانجەکانی بە ئاسانی بەدەست بێنێ، هەریەك لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، ڕوسیا و هیندستان مەترسیان لە هەژموونی چین و باڵادەستیان هەیە بۆ ئایندە، هەر یەك لەو وڵاتانە بە پێی بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی خۆی دژایەتی بۆ پرۆژەکە دەربریوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 1 : پێشەکی

ڕێگای ئاوریشم یەکێك لەو ڕێگایانە بوو کە چین لەگەڵ وڵاتانی تر لە کۆنەوە پەیرەوی کردووە بەمەبەستی بازرگانی و تێکەڵاوبوونی نەتەوەکان ئاڵوگۆری فکری و دیدگاکان. زۆرێك لە وڵات بەتایبەت چین سوودی لەو ڕێگایە بینیوە. هەر لە ژێر رۆشنایی ئەو بیرۆکەیەدا چین ڕێگای ئاوریشمی نوێ ی لە ساڵی ٢٠١٣ ڕاگەیاند، بۆ بەیەك بەستنەوەی وڵاتان و کەمکردنەوەی دووریەکان و خەرجیەکان و سوودی گشتی هەموو ئەوانەی دەکەونە سنووری ئەم پرۆژەیە کە بە پرۆژەی پشتێن و ڕێگا ناسراوە. ئەم ڕێگایە لەگەڵ ئەوەی گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆ چین و هەموو وڵاتانی تر کە ئەو ڕێگایە پێدا تێپەر دەبێت. هەرچەندە بەبێ بەربەستیش نیە. لەم توێژینەوەیەدا تیشك دەخەینە سەر خودی پرۆژەکە و گرنگی و ئامانجەکان، هەروەها جەخت دەکەینە سەر ئەو بەربەستانەی لە بەردەم ئەو پرۆژەیەدا هەیە .

## 2: گرنگی توێژینەوە:

ڕێگای ئاوریشمی نوێ ڕێگایەکی گرنگی ئابووری هەمەلانە کە بە زۆرێك لە وڵاتانی ئاسیا و ئەوروپا و ئەفریقیا و ئەمەریکای باکوردا تێپەردەبێت لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش وەك چین بانگەشەی بۆ دەکات. هەروەها ئەو پرۆژەیە لە رووی سیاسیشەوە گرنگی خۆی هەیە کە زاڵ و هەیبەتێك بە چین دەدات کە وەك زلهێزێك دەربکەوێت هەر ئەمەشە وای کردووە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە گرنگی و هەستیاریەوە لەم پرسە بڕوانن .

## 3: کێشەی توێژینەوە :

لەبەر ئەوەی ڕێگای ئاوریشمی نوێ سنووری چەند وڵاتێك دەبڕێت، دەبێت چین پەیوەندی دروست بکات لەگەڵ ئەو وڵاتانەی دەکەونە چوارچێوەی ئەم پرۆژەیە، ڕازی کردنی هەموو ئەو وڵاتانەش کارێکی وا ئاسان نابێت. هەروەها بەشێك لە وڵاتان گومانیان لەم پرۆژەیە هەیە کە تەنها پرۆژەیەکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئابوری بێت. هەندێك وڵاتیش وەك ویلایەتە یەکگرتووەکان و رووسیا و هیندستان بە هەرەشە لەسەر باڵا دەستی خۆیان لە ناوچەکە لێی دەروانن. بەشێکی ئەم توێژینەوەمان تەرخانکردووە بۆ خودی بەربەستەکانی بەردەم ئەم پرۆژەیە .

### 4: پرسیاری توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیەدا هەوڵی وەڵامدانەوەی کۆمەڵێك پرسیار دەدەین بۆ نموونە: رێگای ئاوریشمی نوێ چیە و گرنگیەکەی لە چیدایە؟ ئامانجەکانی چین لەم پرۆژەیە چیە و بەربەستەکانی کامانەن؟

### 5: گریمانەی توێژینەوە:

چین لە رێگای ئاوریشمی نوێ دەیەوێت بێتە پێشەوە وەك زلهێزێکی جیهانی و هەژموونی خۆی لەو وڵاتانەدا کە رێگای ئاوریشمی نوێ دەیانگرێتەوە زیاد بکات لەوێشەوە وەك جەمسەرێکی گرنگتر دەربکەوێت و ئامانجە سیاسی و ئابووریەکانی بەدیبێنێت.

### 6: میتۆدی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە پشتی بەم میتۆدانە بەستووە:

ا- میتۆدی مێژوویی: بۆ ئاماژەدان بە هندێك لایەنی مێژوویی رێگەی ئاوریشم کە رەگێکی کۆنی هەیە و لە ئێستادا نوێ دەکرێتەوە، پشتمان بە میتۆدی مێژوویی بەستووە بە شێوەیەکی رێژەیی .

ب- میتۆدی شیکاری: پێویستمان بە دیدێکی شیکاریانە هەیە لەسەر چۆنیەتی دروستکردن و جێبەجێ کردن و گرنگی و ئامانجەکان و بەربەستەکانی ئەم پرۆژەیە.

### 7: پێکهاتەی توێژینەوە:

پێکهاتەی توێژینەوەکەمان بەم شێوەیەی خوارەوەیە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەشی یەکەم پێکهاتووە لە ریگای ئاوریشمی نوێ و گرنگیەکەی، ئەویش دابەش دەبێت بەسەر سێ داواکاری کە بریتییە لە ناساندنی رێگای ئاوریشمی نوێ، سنوورەکانی رێگای ئاوریشمی نوێ و گرنگی رێگای ئاوریشمی نوێ. هەروەها بەشی دووەمی توێژینەوەکە ئامانج و هەوڵەکانی چین دەخاتەروو بەم شێوەیە: ئامانجەکانی چین، بەرژەوەندییەکانی چین لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و هەوڵەکانی چین بۆ دروستکردنی ئەم رێگایە. لە بەشی سێیەمدا تیشکمان خستۆتە سەر بەربەستە نێودەوڵەتیەکانی رێگای ئاوریشمی نوێ کە بریتین لە بەربەستەکانی: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، رووسیا و هیندستان. دواتر دەرئەنجامەکان دەخەینەروو.

## 1: رێگەی ئاوریشم و گرنگیەکەی

### 1-1: ناساندنی رێگەی ئاوریشم:

مێژووی رێگای ئاوریشم رەگێکی کۆنی هەیە دەگەرێتەوە بۆ دوو سەد ساڵ پێش زاینی عیسا مەسیح. بنەماڵەی هان کە فەرمانرەوایی چین بوون لە ساڵی ١٣٨ پ.ز دا، پیویستی بە پاڵپشتیەك هەبوو بۆ پاراستنی ناوچەکانی سنوری ژێر دەسەلاتی خۆی لە باکوری رۆژئاوای چین لەبەر مەترسی و هێرشی چەتە و رێگرەکانی سەر ئەم رێگایە کە کاروانەکانی کەل و پەلی پێدا دەگوازرایەوە بە مەبەستی بازرگانیکردن لەگەڵ ئاسیای ناوەراست. بۆیە دەسەڵاتدارانی چین بیریان لە هاوپەیمانیەك کردەوە بەمەبەستی پاراستنی ئەو رێگایە کە رێگایەکی گرنگ بوو بۆ ئاڵوگۆری بازرگانی لەو کاتدا. دواجار دەسەڵاتدارانی چین یاخود قەیسەری چین توانیان لەگەڵ پاشاکانی ئەو ناوچەیە هاوپەیمانیەك ببەستن و بە درێژایی رێگای قافلەکان چەکداری تایبەت جێگیر بکەن بەمەبەستی پاراستنی کاروانەکان لە چەتەگەری ئەو ناوچانە و دابین کردنی سەلامەتی قافڵەکان (حەسەن، ٢٠٢٠، ل.١٢). ئەم رێگایە بۆ ماوەی نزیک بە دوو هەزار ساڵ گەورەترین و گرنگترین رێگای بازرگانی جیهان بوو، قوماشی ئاورێشمی دروستکراوی چین بە حوشتر لە چینەوە دەگەیشتە رۆما و ئیسپانیا و میسر، شازادە و بازرگان و خاوەن موڵکە گەورەکانی ئەوروپا و باکوری ئەفریقیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە لەبەرکردنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جل و بەرگی ئاورێشمی چینەوە پۆزیان لێ دەدا. رێگای ئاورێشم تەنیا رێگەیەک نەبوو بۆ بازرگانی، بەڵکو لەڕێی ئەم رێگایەوە گەلان بە کلتوری یەکتر ئاشنا دەبوون و (پەیسەر، ٢٠١٩). بیر و ئەندێشە و بیرو باوەری نەتەوەکان دەگواسترایەوە هەروەها بوە هۆی گواستنەوەی هونەر و زانستیش بەتایبەت بیرکاری و جوگرافیا و فەلسەفە. دواتر چینییەکان هەوڵیان دەدا لە رێگای بازرگانیەوە ئاشتی و ئارامی لەو ناوچانە دەستەبەر بکەن کە برنج و شەراب و ئاوریشم خواستێکی زۆری لەسەر بوو. هەرچەندە ئەم ناوچەیە بێ کێشە نەبووە و جێگەی چاوتێبرینی گەلێك لە هۆز و ئیمپراتۆرەکان بووە (حەسەن، ٢٠٢٠، ل. ١٧). لەبەر گرنگی رێگای ئاوریشم چین هەوڵی نوێ کردنەوەی دەدات و چەندین هەوڵی دەست پێکردووە بۆ نوێ کردنەوەی ئەم رێگایە کە بە رێگای ئەو ریشمی نوێ یان یەك پشتێن یەك رێگا ناسراوە .one belt one road کە چین لە ساڵی ٢٠١٦ ناوەکەی گۆری بۆ پشتێن و رێگا.کە ئەم ڕێگە یەکێکە لە پرۆژە ستراتیژییەکانی چین و، پرۆژەکە هەر دوو ڕێگەی وشکانی و ئاوی لەخۆ دەگرێت بۆ گرێدان و بەستنەوەی چین بە زۆربەی وڵات و ناوچە بازرگانییەکانی جیهانەوە بە مەبەستی دۆزینەی بازاڕی تازە بۆ کاڵا و بەرهەمە چینییەکان و سەپاندنی هێژموونی سیاسی و دیپلۆماسی و ئابووری لە جیهاندا، بەتایبەت لەو ناوچانەی کە ئەمریکا تێیدا خاوەن بڕیارە و بە ناوچەی هێژموونی خۆی دادەنێت! چین لەم دواییەدا دەستی بە جموجۆڵێکی خێرا کردووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؛ هەر لە بەخشینی کۆمەک و یارمەتیی دارایی بەو وڵاتانەی کە ڕووبەڕووی قەیرانی دارایی بوونەتەوە، تا دەگاتە بەشدارییپێکردنی کۆمپانیاکانی لە کەرتە ئابوورییە جیاوازەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەتایبەت وڵاتێکی وەک ئێران کە چین زیاتر هەوڵ دەدات سوود لە نەوت و گازە سروشتییەکەی وەربگرێت (پەیرەو ئەنوەر، ٢٠١٨). ئێستا چین لە قۆناغێکی گۆڕان و بەرەو پێشچووندایە، کە زەحمەت هێزێکی ئابووری لەو بەهێزتر بتوانێ ببێتە ڕکابەری و بەردەوامیەکەی بوەستێنێ، جیهان لە ئاستی ئەم فرەبەرهەم و فرە جۆر و فرە ڕەنگەی وەبەرهەمهێنانی چین دەستەوەستانە، لە ئێستادا فرەجەمسەریەکی کاتی لە دنیادا زاڵە، کە ئەوەندە نابات جەمسەری چین

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەکو جەمسەری سەرەکی لە بواری ئابووری و دەسەڵاتدا دانی پێدادەنرێت (سۆفی، ٢٠١٩). لە ساڵی ٢٠١٣ سەرۆك کۆماری چین شی جینگ پینگ، بنیاتنانەوەی رێگای ئاوریشمی نوێی راگەیاند. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە سەرنجەکانی جیهان بکەوێتە سەر ئەم رێگایە کە کاڵای چینی بەخێراترین شێوە و هەرزانتر لە جاران پێشکەش بە وڵاتانی ئەندامی ناو تۆری پرۆژەکە دەکات. کە وەك سیستەمێکی دەماریە کە وڵاتان و شوێنە دوورەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە. چین لە رووی ئابووریەوە گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە دەیەوێت لە رێگای ئابووریە هەژمون و دەسەڵاتی خۆی زیاد بکات بۆ نموونە چین خاوەن یەدەگێکی زۆری پارەیە و داهاتی ساڵانەی بریتییە لە ١٥٤٣٠ دۆلار (حەسەن، ٢٠٢٠، ل. ١١،٣٦)

## 2-1: سنوورەکانی رێگای ئاوریشم :

بۆ ئەوەی بە کات و تێچووەکی کەم ئەو ئاڵوگۆرە بازرگانیە ئەنجام بدرێت، رێگای ئاوریشمی نوێ سنووری چەندین وڵات و کیشوەر دەبرێت کە هەم رێگای ئاوی و هەمیش رێگای وشکانی دەگرێتەوە. هەر لە چینەوە درێژ دەبێتەوە بۆ رۆژهەڵاتی ئاسیا و ئۆراسیا و رووسیا و ئەوروپا و ناوچەکانی بەلقان و ئاسیای ناوین و تا زەریای هیند و هیندستان .(Thomas,2018, p. 2) چین بۆ تەواوکردنی ئەم پرۆژەیە نزیکەی بڕی ٩٠٠ ملیار دۆلاری بۆ وەبەرهێنان لەو پرۆژەیەدا تەرخان کرد، پرۆژەکە نزیکەی ٧٠ وڵاتی جیهان پێکەوە دەبەستێتەوە و سێ رِێگا لە خۆ دەگرێت:

رێگای باکور کە لە چینەوە دەست پێدەکات بە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست وەک ئەفغانستان و تاجیکستاندا تێپەڕ دەبێت تا دەگاتە مۆسکۆ و لەوێشەوە بە باکوری ئەوروپادا تێپەڕ دەبێت تا دەگاتە رۆتەردام لە هۆڵندا.

رێگەی دووەم کە ئەویش هەر رێگەی وشکانییە و رێگەی ناوەڕاستە، لە چینەوە دەستپێدەکات لقێکی لەرِێی پاکستانەوە دەگاتە کەنداو و لقەکەی دیکەشی لەرِێی ئەفغانستان و ئێرانەوە دەگاتە عێراق و تورکیا، لە تورکیاشەوە بە دەروازەی یۆنانەوە دەگاتە ئەوروپا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕێگەی سێیەم ڕێگای دەریاییە، لە باشوری چینەوە دەست پێدەکات و وڵاتانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دەگرێتەوە و لەوێشەوە بەرەو ئەفریقیا، لە ئەفریقیا دوبارە دەبێتەوە بە ڕێگای وشکانی تا دەگاتە میسر و باکوری ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (پەیسەر، ٢٠١٩). هەروەها بۆ ئازەربایجان، ئەرمینیا، ئۆزپاکستان، تورکمانستان، تاجیکستان، قیرقیزیستان، مۆڵداڤی و گورجستان و رووسیا لە باکوور درێژدەبێتەوە(Thomas, 2018, p.2)

یەکێك لە ڕێگاکانی ئاوریشم لە ئێرانەوە دەگاتە هەرێمی کوردستان لە پارێزگای سلێمانی هەروەها لە ڕۆژئاواوە بەرەو تورکیا دەڕوات. ئەگەر ئەم پرۆژەیە وەك خۆی جێبەجێ بکرێت ئەوا هەرێمی کوردستانیش دەبێتە بەشێك لەو پرۆژەیە و دەتوانێت سوودی لێوەربگرێت .

## 3-1: گرنگی ڕێگای ئاوریشمی نوێ

یەك پشتێن یەك ڕێگا پرۆژەیەکی گرنگە و تایبەتمەندی خۆی هەیە هەم بۆ وڵاتی چین و بۆ ئەو وڵاتانەش کە دەکەونە چوارچێوەی ئەم ڕێگایە، دەتوانن لەرووی بازرگانیەوە لێی سوودمەندبن .

دوا بە دوای ئەوەی چین پرۆژەکەی ڕاگەیاند هەندێک لە وڵاتان بە گەرمی پێشوازییان لێکرد، بە تایبەت ئەو وڵاتانەی کە دەکەونە سەر ڕێگاکە، چونکە پرۆژەکە بە هەر وڵاتێکدا تێپەڕبێت ئەوا دەکەوێتە سەر هێڵێکی گەورەی بازرگانی و دەتوانێت بەشێك لە بەرژەوەندییەکانی دەستەبەر بکات، جگە لەوەش لەو بودجەیەی کە چین بۆ پرۆژەکەی تەرخان کردووە قەرز دەداتە ئەو وڵاتانە بۆ ئەوەی بۆ دروستکردنی ڕێگاوبان و هێڵی شەمەندەفەری تەرخان بکەن و کۆمپانیا چینییەکانیش بەپێی ستانداردی چینی ڕێگاوبانەکان دروست دەکەن، بەمەش ئەو وڵاتانەش دەبنە خاوەنی ڕێگاوبانێکی گونجاو و پێشکەوتوو (پەیسەر، ٢٠١٩). کە ٤ ترلیۆن دۆلای تەرخانکردووە بۆ دروستکردنی ڕێگا و بانەکان هەر لە ئەمەریکای لاتینەوە تاوەکو ئەفریقیا. (Pike, 2017) بەشێك لەم ڕێگایە ڕێگای شەمەندەفەرە چونکە خەرجی گواستنەوەی کەلوپەلی بازرگانی بە پشتبەستن بەم هێڵە کەمترە لە گواستنەوەی بازرگانی لە ڕێگەی دەریا، شەمەندەفەرەکە لەدوای چین لە وڵاتانی کازاخستان، رووسیا،

بیلاروس، پۆلۆنیا، ئەڵمانیا، بەلجیکا و فرەنسا تێدەپەڕێت و دواجار دەچێتە بەریتانی (BBC, 2017). بەمەش ئەم پرۆژەیە وادەکات کە بازارێکی گەورەی جیهانی و مۆدێلێکی تازەی بەجیهانی بوون لە ئەنجامی تێکەڵاوبوون لەگەڵ یەکتری بهێنێتەکایەوە. هەروەها لێك نزیکردنەوەی سنوورە دوورەکانە و کەناڵێکی بازرگانی گرنگە کە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەیەکەوە دەبەستێتەوە. جگە لە ئاشنابوونی کەلتوورەکان لەگەڵ یەکتری و دروستبوونی بەرژەوەندیەکی هاوبەش.( Wang, 2015, p.98)

هەروەها گرنگی ئەم ڕێگایە ئەوەیە کە زۆربەی وڵاتانی هاوبەش لەم پشتێنە یان ئەم پرۆژەیە سوودمەند دەبن و براوەن بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کە بە وشکانی گەمارۆ دراون و ڕێگای ئاویان نیە، ئەمە جگە لەوەی ئەم پرۆژەیە ڕاستەوخۆ بازرگانی و ئاڵوگۆر لەگەڵ چین دەکات لەهەمان کاتیشدا وڵاتان دەتوانن ئەو ئاڵوگۆرە لەگەڵ دراوسێیەکانیان بکەن و سوود لەم ڕێگەیە ببینن (Habova,2005, p.5)

بەرهەمهێنانی نەوت و گاز لە ناوچەی دەریای قەزوین سوود لە بۆریەکانی گواستنەوە دەبینێت، هەروەها هێڵی گواستنەوەی کارەبا لە تاجیکستان و قیرغیزستانەوە دەتوانن لەگەڵ بەرهەمهێنەرە گەورەکانی وزەی هایدرۆ ئەلیکترۆنی جیهان دەستیان بگاتە پاکستان. جگەلەمەش ئۆزپاکستان، تورکمانستان و تاجیکستان دەتوانن بەرهەمە کشتوکاڵیەکانی خۆیان بەتایبەت پەمۆ لەبری هەناردەکردنی بۆ ڕوسیا بە تێپەرینی ٧٠٠٠ کیلۆمەتر، تێبپەڕێنن بە دەریای بەلتیکدا کە ڕاستەوخۆ دەستیان دەگاتە بازارەکانی باشووری ئاسیا. بەم کارەش مۆنۆپۆلی هەناردەکردنی ڕوسیا بۆ وڵاتانی ناوچەکە نامینێت. کە ئەمەش یەکێك لە ئامانج و مەبەستەکانی چینە لەم ڕێگەیە هەرچەندە بە ئاشکرا بانگەشەی بۆ ناکات. لەهەمانکاتدا تورکمانستان دەستی دەگاتە کڕیارانی جۆراوجۆری نەوت و گاز. ئەفغانستانیش سوود لە مافی ترانزێت و گومرگی گواستنەوەی کاڵاکان وەردەگرێت. ئەم کرانەوەیە لە ڕێگای ئاوریشمی نوێوە کرانەوەیەکی بازرگانیە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە ڕێگای پاکستانەوە کرانەوەی ڕێگا تازەکانی چینە و ئەم ڕێگایە کۆتایی بە گۆشەگیری پاکستان دێنێت (Otero-Iglesias,

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(2015, p.26 لە روانگەی چینەوە ئاسیای ناوین ناوچەیەکی گرنگە کە دەتوانێت گەشەی ئابووری بەهۆی رێگا بازرگانیەکانیەوە پەرەپێ بدات و پێویستیەکانی چین وەك سەرچاوەی هایدرۆکاربۆن دابین دەکات( Robert,2012, p. 16). لەوەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم رێگایە تەنها بۆ چین گرنگی نیە بەڵکو گرنگیەکەی بۆ ئەو وڵاتانەشە کە بەشدارن لە رێگای یەك پشتین یەك رێگا .

## 2: ئامانج و هەوڵەکانی چین بۆ رێگای ئاوریشمی نوێ

### 1-2: ئامانجەکانی چین :

چین چەند رکاربەرێکی هەیە وەك ئەمەریکا و روسیا و هیندستان، هەروەها رۆژئاوا بە گشتی کە خاوەن تەکنەلۆژیایە بۆیە چین دەیەوێت لە رێگەی ئاوریشمی نوێوە بەرهەمهێنان و داهێنانی زیاتر بکات. لەم پرۆژەیەدا ئەوەی بە ئاشکرا چین رایگەیاندووە زیاتر مەبەستی ئابووری و بوژانەوەیە، لەبەر ئەوەی چین بۆ داهاتووی خۆی و سەرکەوتن بەسەر ئابووری ئەمەریکا پێویستی بە هەناردە و هاوردەکردنی ووزە هەیە، بەتایبەت دەیەوێت ووزەی هەرزانتر دەست بکەوێت بۆ ئەوەی نرخی کاڵاکان نزم بکاتەوە بەمەش داخوازی لەسەر کاڵاکانی زیاتر دەبێت. بۆ ئەم مەبەستە لە کازاخستان و تورکمانستان و رۆژهەڵاتی ناوەراست دەگات بەچین، کە سەرچاوەیەکی باشی دابینکردنی ووزە و کەرەستەی خاوە بۆ چین کە هەموو ئەوانە لە رێگای ئاوریشمی نوێوە دەستەبەر دەبێت.( حەسەن، ٢٠٢٠، ل. ٥٢،٥٣). بەم پرۆژەیە چین هەوڵی گۆڕانکاری و گەشەکردنی زیاتر دەدات کە ببێتە زلهێزی ئابووری جیهان و بە پێش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بکەوێت. یەکێکی تر لە ئامانجەکانی چین لەم پرۆژەیە پەرەپێدانی ئەو ناوچانەیە کە داخراون لە رووی دەریایی و سنوورەکانیان وشکانیە بۆ ئەوەی دەستیان بگات بە بازارەکانی باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا، هەروەها دەستگەیشتنی ئەو ولاتانەیە بە کاڵاکانی چین بەشێوازێکی ئاسانتر و خێراتر و هەرزانتر لە جاران کە بەشێکی لەو بەیەك بەستنەوانە بە رێگای ئاسنی خێراوە دەبێت (211. (, Dittemr, 2011, p مەبەست و بەرژەوەندییەکانی چین لەو ناوچانەدا سوود وەرگرتنە لە سەرچاوەکانی ناوچەکە و ببێتە یاریکەر و

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هێزێکی سەرەکی لەم ناوچەیە ئەمەش یارمەتیدەرێکی باشی چینە بۆ ئەوەی رۆڵی سەرکردایەتی کردن لەناوچەکە بگێرێت .

ئامانجێکی تر بریتییە لە ئامانجی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کەلتووری و زانستی کە کاریگەری لەسەر وڵاتانی رێگای ئاوریشم هەیە. ئەم پرۆژەیە جگە لە لایەنی بازرگانی لایەنی ئاڵوگۆری فکری و زانستی و کەلتووری دەکاتەوە، کە وڵاتانی ناو ئەم پشتێنە لە رووی رۆشنبیریەوە پەیوەندی دروست دەبێت . (Blanchard, 2017, p. 47 ) لەبەر ئەوە بەشێك لەو گرێبەستانەی کە چین لەگەڵ وڵاتانی مۆر کردووە بریتییە لە بنیاتنان و دروستکردنی چەندین ناوەندی پەروەردەیی و چەندین قوتابخانە هەروەك لە رێککەوتنی چین و عێراقدا هاتووە (Khalil, (2020

بەشێوەیەکی گشتی ئامانجەکانی خۆی دەبینێتەوە لە: هاوکاری ئابووری ناوچەیی هاوردەکردنی ووزە لە رێگای وشکانیەوە بەتایبەت لە رووسیا و ئاسیای ناوین مەبەستیش لەو رێگایە ئەوە کە مەترسیە دەریاییەکان کەم بکاتەوە. هەروەها یارمەتیدەرێکە بۆ سەقامگیری لەو ناوچەیەدا لە رێگای کۆبوونەوەی دراوسێکانی رۆژئاوای چین تا ئەوروپا لەبەر ئەوە ئەو ناوچەیە دەبێتە ناوەندێکی گەشەی ئابووری. لەگەڵ ئەوەشدا چین دەیەوێت سوود لەو پرۆژەیە وەربگرێت بۆ کەمکردنەوەی نائارامیەکانی رۆژئاوای چین بەتایبەت پارێزگای سین کیانگ. هەروەها یەکێك لە ئامانجەکانی چین کەمکردنەوەی کاتە لە رێگای شەمەندەفەرەوە، چونکە دەتوانێت بۆ گەیشتن بە رۆژهەڵاتی ئەوروپا ماوەکە نزیکەی ٣٠ رۆژ بە دەریادا کەم بکاتەوە بۆ ١١ رۆژ بە شەمەندەفەر (حەسەن، ٢٠٢٠، ل. ١٦٨،١٦٩). سەرەرای ئەوەی چین جەخت لە ئامانجی ئابووری دەکاتەوە بەڵام ئامانی تریشی هەیە ئەویش سەپاندنی هێژموونی سیاسی و دیپلۆماسی و ئابووری لە جیهاندا، بەتایبەت لەو ناوچانەی کە ئەمریکا تێیدا خاوەن بڕیارە و بە ناوچەی هێژموونی خۆی دادەنێت بۆ ئەم مەبەستە، چین چەند هەنگاوێکی ناوە، بەتایبەت لە ئێستادا یەکێکە لە پێشڕەوەکانی جیهان لە کەرتی تەکنەلۆژیی پێشکەوتوو و بەهێزکردنی تووانای سەربازیی وڵاتەکە و داهێنانی چەندین کەرەستەی سەربازیی نوێ، هەر لە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەشتیی جەنگییەوە تا دەگاتە فڕۆکەی شەڕکەری پێشکەوتوو و بۆمبی هایدرۆجینی و تەنانەت چەکی ئەتۆمییش. هەرچەندە لە ئێستادا خەرجیی سەربازیی وڵاتی چین کەمترە لە خەرجییە سەربازییەکانی ئەمریکا، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا بە هۆی گەشەی خێرای ئابووریی چینەوە توانیویەتی کەرتی سەربازیی وڵاتەکەی بەرەو پێشەوە ببات و بیگەیەنێتە ئاستێک تا ململانێی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای پێ بکات و فۆرمێکی نوێ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دروست بکا (ئەنوەر، ٢٠١٨). لەم روانگەیەوە پرۆژەی ریگای ئاوریشمی نوێ یارمەتیدەرێکی باشی چین دەبیت لە دەستەبەرکردنی ئامانجە ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتی دا لەبەر ئەوە هەر لە سەرەتای ساڵی نەوەدەکانەوە و تا ئێستا، پێداویستی چین بۆ وزە هەر لە هەڵکشاندایە، وە لەبەر ئەوەی ڕێژەی بەکاربردنی وزە لە چیندا زۆر زیاترە لە بەرهەمهێنانی وزەی نێوخۆیی خۆی، بۆیە هاوردەکردنی وزە بۆ دابینکردنی پێداویستی و بەرهەمهێنانی کالا و شتومەك، پێویستی بە سیاسەتێکی جیۆپۆلیتیکی و ئابووری هەستیار هەیە، بەتایبەت لەبەر ئەوەی بوونی هێزی دەریایی بۆ پەڕینەوە و پاراستنی گواستنەوەی وزە لە نێو دەریا و ئۆقیانوسەکانەوە، زیاتر لە لایەن ئەمریکاوە کۆنترۆڵ دەکرێت، بۆیە لێرەدا ئەگەری بەریەکەوتنی شەڕی بازرگانی نێوانیان زیاتر دەبێ. چین بەهۆی گەشەسەندن و پەلهاویشتنە ئابووریەکەیەوە، پێویستیەکی زۆری بە وزە هەیە، لە ئێستادا چین پاش ئەمریکا دووەم وڵاتە لە بەرکاربردنی بڕی وزە لە جیهاندا، بۆیە مامەڵەی کڕین و گواستنەوەی وزە، یەکێکە لەئامانجەکانی چین کە دەبێ لە خزمەتی ستراتیژی ئابووریەکەیدا بێت و بەپێی پلانی داڕێژراوی درێژخایەن، یەکێك لە پلانەکانی هاوردنی وزە ئەوەیە کە لە چەند سەرچاوەیەکەوە بێ، بۆ نموونە ئێران و ڕوسیا و کەنداوی عەرەبی و ئاسیای ناوەڕاست، بۆ چین هاوردەی وزە لە ڕوسیاوە ئاسانترە لەبەر نزیکی جوگرافیاکەی لەلایەکەوە و لەلایەکیترەوەش بەو مامەڵە ئابووریەی، لە ئێستادا دەتوانێ تەگەرە بخاتە نێو ستراتیژی وزەی ئەمریکاوە ( سۆفی، ٢٠١٩)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2-2: بەرژەوەندیەکانی چین لە رۆژهەڵاتی ناوەراست:

هیچ گومانی تێدا نیە کە تەرخانکردنی سەرمایە و وەبەرهێنانەکی زۆری وڵاتی چین لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بۆ بنیاتنانەوەی رێگای ئاوریشم، کۆمەڵێك ئامانج و مەبەستی هەیە، چ لە رووی ئابووری و چ لە رووی سیاسیەوە. هەروەها پاراستنی ئاسایشی ووزەیە و چین هەوڵ دەدات لە رێگەی ئابووری و هاوکاریەوە پەیوەندییەکانی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست پەرە پێبدات، نەوەك لە رێگەی سەربازی وەك ئەمەریکا .

یەکێك لە بەرژەوەندیەکانی چین لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بریتییە لە بابەتی لێك نزیك بوونەوەی لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوا چونکە بوونی پەیوەندی چین لەگەڵ رۆژهەڵاتی ناوەراست یارمەتی دەرێکی باشە بۆئەوەی چین زیاتر لە رۆژئاوا نزیك ببێتەوە و کاڵاکانی بنێرێتە ئەوروپا. هەروەها یەکێکی تر لە بەرژەوەندییەکانی چین بریتیە لە بنیاتنانی رێگەی ئاوریشم لەگەڵ بەشێك لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست کە خاوەن سەرچاوە و ووزەیەکی زۆرن هەروەها رۆژهەڵاتی ناوەراست دەروازەیەکی گرنگە بۆ چین بۆئەوەی بگاتە جیهان. بوونی نەوتێکی زۆر لەو ناوچانە و وەبەرهێنانەکانی چین و چاوتێبرینی نیشانەیەی ئەوەیە کە لە داهاتوودا گرنگی رۆژهەڵاتی ناوەراست زیاتر دەبێت و چین هەوڵی زیاتر دەخاتەگەڕ و ئەم ناوچەیە دەبێتە بازارێکی گەورە بۆ کاڵاکانی چین و ئاڵوگۆری بازرگانی هەروەها دەرفەتێکی باشە بۆ پرۆژە گەورەکانی ژێرخان و سەرچاوەی وەبەرهێنان. لە دیدگای چینەوە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست پشتیوان و هاوکارێکی گرنگی سیاسەتەکانی چین دەبن (Yan, 2014) لەبەر ئەوەی لە پرۆژەی یەك پشتێن و یەك رێگا هەمووان قازانج دەکەن کە چین ناوی ناوە براوە-براوە .

چین بە پێچەوانەی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەروانێتە رۆژهەڵاتی ناوەراست، ئەمەریکا خاوەنی کۆمەڵێك پێگەی سەربازیە و هەژموونێکی زۆری هەیە لەو ناوچەیە، کەچی چین نایەوێت لە رووی سەربازیەوە بەشداربێت لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و دوور دەکەوێتەوە لە کێشەکان و

خەرجیەکی زۆری سەربازی. لە بەرامبەر ئەمەدا هەوڵی دروستبوونی هاوکاری و پەیوەندی دۆستانە دەدات. لە لایەکەوە چین بەباشی نابینێ ئەگەر ئەمەریکا رۆژهەڵاتی ناوەراست بەجێبهێڵێ لەبەر ئەوەی سەقامگیری و ئارامی ئەو ناوچانە کەم دەبێتەوە کە چین دەیەوێت دەستکەوتەکانی لێ دەستەبەر بکات (Scobell & (Nder,2016, p. 8. ) ئەوەی بەلای چینەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست گرنگە بریتییە لە وەبەرهێنان لەم ناوچەیە و دروستبووی پەیوەندییەکی دوولایەنەی ئابووری هەروەها چین دەخوازێت کە ئەم ناوچەیە لە رووی سیاسی و ئاسایشەوە سەقامگیر بێت چونکە ئەمە یارمەتیدەرێکی باشی ئامانجەکانی چینە کە جەخت دەکاتەوە سەر ووزە، بازرگانی و وەبەرهێنان لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بۆ ئەوەی بە ئاسانی بگاتە بازارەکانی جیهان. هەروەها چاوی زۆری لە نەوتی رۆژهەڵاتی ناوەراستە چونکە نەوتی چین بەرەو کەمی دەروات بەتایبەت دوای ٢٠٢٥ بۆ پرکردنەوەی ئەم بۆشاییە و بەرهەمهێنانی زیاتر و هەرزانتری کاڵاکانی چاوی لەم ناوچەیەیە .(Zhang) رۆژهەڵاتی ناوەراست بەهۆی دەوڵەمەندی لە رووی سامانی سروشتی بەتایبەت نەوت و گاز بۆتە ناوەندێکی گرنگ بۆ چاوتێبرینی وڵاتان، بەڵام ئەو ناوچانە لە رووی ئاوەدانی بنیاتنانەوە لاوازن، چین ئەمەی قۆستۆتەوە کە هاوکاری و هەماهەنگی بکات لەم ناوچەیە بۆ ئەوەی دەستپێشخەری رێگای ئاوریشم تەواو بکات و لەبەرامبەردا ئەوانیش سوود لەم پرۆژەیەی ببینن .

### 3-2: هەوڵەکانی چین بۆ دروستکردنی ئەم رێگایە:

چین بۆ جێبەجێکردنی دەستپێشخەری رێگا و پشتێن چەندین وڵات بەیەکەوە دەبەستێتەوە و کۆمەڵێك پرۆژەی جێبەجێکردووە لەگەڵ چەندین دەوڵەتیش لە دانوستاندایە بۆنموونە لە ساڵی ٢٠١٩دا ئیتالیا و چین یاداشتێکی لەیەك تێگەیشتن و ٢٩ گرێبەستیان، واژوو کردووە. ئەمە یەکەمین جارە کە وڵاتێکی پێشکەوتوو بەشدار دەبێت لە دەستپێشخەری رێگای ئاوریشمی نوێ کە بەهاکەی نزیکەی 2.5 ملیار یۆرۆیە (حەسەن، ٢٠٢٠، ل. ٣٦). هەروەها چین بە مەبەستی گەیشتن بە ئەوروپا و دروستبوونی پەیوەندی نێوانیان رێگایەکی ئاسن و ریگایەکی دەریایی بۆ هەناردەکردنی

بەرهەمەکانی خۆی بۆ ئەوروپا، ئۆراسیا و رۆژهەڵاتی ناوەراست پێشکەش دەکات. بۆ نموونە هەر یەك لە چین و تورکیا دروستکردنی رێگایەکی ئاسنی نزیکەی درێژایی ٧٠٠٠ کیلۆمەتریان پەسەند کردووە کە دەگاتە شارە گەورەکانی تورکیا. ئەم پرۆژەیە دەستی پێکردووە و بڕیار وایە تاکو ساڵی ٢٠٢٣ تەواو بکرێت .(Fedorenko, 2013, p. 12) یەکێکی تر لە هەوڵەکانی چین پەرەپێدانی فرە لایەنەی وڵاتانی ئاسایی ناوەراستە کە زۆربەی بوارەکانی ووزە و بازرگانی و گواستنەوەی کاڵاکانە. کە بۆ ئەم مەبەستە یەکێك لە رێککەوتنە گرنگەکان رێککەوتنی ووزەیە لە نێوان چین و ئاسیای ناوینە کە بە بۆری بە درێژایی ١١٠٠ میلە کە گازی تورکمانستان لە رێگای ئۆزپاکستان و کازاخستانەوە دەگوازرێتەوە بۆ چین. ئەم پرۆژەیە لە ساڵی ٢٠٠٩ ەوە دەستی پێکردووە کە ساڵانە ٤٠ ملیار مەتر دووجا گاز دەگوازێتەوە بۆ چین. هەروەها هەر لە لایەنی ووزەوە رێککەوتنێکی دیکەی لەگەڵ کازاخستان مۆرکردووە بۆ گواستنەوەی نەوتی کازاخستان کە راستەوخۆ نەوت بە بۆری دەچێتە چین کە برەکەی بریتییە لە ١٤ ملیۆن تەن نەوت ساڵانە. هەروەها وڵاتانی خاوەن ووزە لە ئاسیای ناوین لەبەرامبەردا سوود لە هاوکاریەکانی چین دەبینن بۆ مەبەستی وەبەرهێنان و پەرەپێدانی وڵاتەکانیان کە چین لەو رێگەیەوە بری گازی خۆی زیاد کردووە .(Aditya, 2012, p. 12) هەروەها چین گرنگی بەلایەنی دەریایی داوە بەمەبەستی ستراتیژی دوو لایەنانە لە گەڵ باشوور و باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا بۆ ئەم مەبەستە بنکەیەکی سەربازی هەمیشەیی داناوە .(pornkam, 2019) کە مەبەست و ئامانجی دابینکردنی سەرچاوەی ووزەیە لە بەنگلادیش و دوورگەکانی سریلانکا و پاکستان. عێراقیش لە هەوڵەکانی چین بە دوور نیە و رێکەوتنێکی ووزە و بنیاتنانەوەیان واژوو کردووە. کە نەوتی عێراق دەنێردرێت بۆ چین لەبەرامبەر ئەمەشدا چین لە رووی وەبەرهێنان و ئاوەدانکردنەوە و لایەنی کەلتوری ورۆنشبیریەوە هاوکاری عێراق دەکات (Khalil, 2020)

هەوڵەکانی چین بۆ دروستکردنی ریگای ئاوریشمی نوێ و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ولاتانی ئاسیای ناوین و رۆژهەڵاتی ناوەراست و باشووری ئاسیا و وڵاتانی ئەورووپیش لە پەرەسەندن دایە و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هاوکاریەکانی نێوانیان رۆژ بەرۆژ لە زیاد بووندایە. کە ئامانجی سەرەکی چین پاراستن و ئاسایشی ریگاکانی گواستنەوەی ووزەیە بۆ چین، هەروەها هاوکاریەکانی پشتیوانی چین و بەرژەوەندی وڵاتان وای کردووە هاوبەشەکانی فرەوان بێت .

## 3: بەربەستە نێودەوڵەتیەکانی رێگای ئاوریشمی نوێ

جێبەجێ کردنی پرۆژەی رێگای ئاوریشمی نوێ لەلایەن چینەوە کۆمەڵێك گیروگرفتی دێتە بەردەم لەبەر ئەوە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ولاتانی زلهێز بەریەك دەکەوێت، ئەمەش وادەکات وڵاتانی تر ئاستەنگ بۆ ئەم پرۆژە ستراتیژیەی چین دروست بکەن. چونکە هەر یەك لەوانیش بەرژەوەندی خۆیان هەیە لەو ناوچانە. هەروەها بە مەترسیشی دادەنێن هەم بۆ بەرژەوەندییە ئابووریەکان و هەم هەژموونی چین لەو ناوچانە و پاشان مەترسیان بۆ گۆرینی سیستەمی جیهانی بەتایبەت و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و پاشان رووسیا و هیندستانیش ئەم ترسە نیگەرانیەیان هەیە. بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە بەربەستەکانی چین تەنها ئەم سێ وڵاتە بن کە ئاستەنگی نێودەوڵەتین، بەڵکو ئاستەنگی تریش هەن .

### 1-3: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا:

سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیەی چین یارمەتیدەرێکی باش و کاریگەر دەبێت بۆ ئابووری و بەهێزبوونی چین و باڵادەستی و هەژموونی لەو ناوچانەی ئەم پرۆژەیە دەیانگرێتەوە. دواتر ئەمە فاکتەرێکی گرنگە بۆ دەرکەوتنی چین وەك زلهێزێکی جیهان. لەبەر ئەوە ئەم پرۆژەیە بەبێ بەربەست نابێت بەتایبەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، چونکە لە ساڵی ٢٠١١ ئەمەریکاش هەمان پرۆژەی راگەیاند. ترسی ئەمەریکا لە بەهێزبوونی چینە و دواتر گۆڕانی سیستەمی جیهانە کە خۆی سەرکردایەتی دەکات .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سیاسەتی روونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەرامبەر رێگای ئاوریشمی نوێ و وەبەرهێنانی چین لەو ناوچانە هەڵوێستێکی رکابەرانە و زۆر جاریش هەرەشەکارانەیە. لەبەر ئەوە ئەم پرۆژە و نیەتی چین بە هەرەشە و مەترسی دەزانێت بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خۆی. بۆیە ئەمەریکاش ئەم پرۆژەیەی راگەیاند کە هێڵی بۆری نەوتی ئەفغانستان، تورکمانستان، پاکستان و هیند بەشێکی گرنگی ستراتیژی رێگای ئاوریشمی ئەمەریکان(Habova, 2015, p. 9 )

ئامانجی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ئاسیای ناوین و رۆژهەڵاتی ناوەراست بریتییە لە لایەنی پەرەپێدانی ئابووری و هاوکاری لەلایەکی تریش پاراستنی هەژموون و بەرژەوەندیە سیاسیەکانی و پاراستنە لە هەرەشە دەرەکیەکان .(Laruelle, 2015, p. 8) ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەستی بەوە کرد کە چین بەردی بناغەی بنیادنانی رێکخستنێکی نوێی جیهانی دادەنێت. واشنگتۆن لەژێر دەسەڵاتی ئۆبامادا، ئەو ستراتیژەی خۆی لەژێر ناوی "تەوەری ئاسیا" دارِشت، لە کاتێکدا ئیدارەی ترامپ پاڵپشتیی ئاژاوەی زیاتری دەکرد و چینی وەک ستراتیژێکی ڕکابەر و هێزێکی جوداخواز دادەنا، بەوەی کە قەرزی هەرزان و هێزی سیاسی بۆ ڕاکێشانی وڵات دوای وڵات بۆ ژێر هێژموون و کاریگەریی خۆی بەکار دەهێنێت .(Zand, 2019) بەگوێرەی تۆمارە مێژوویەکان ئەوە روون و ئاشکرایە کە بڕیاردەرانی ویلایەتە یەکگرتووەکان کاردانەوەی توندیان بەرامبەر بە هەوڵەکانی باڵادەستی چین لە ئاسیا دەبێت. ویلایەتە یەکگرتووەکان لە هیچ رکابەرێك نابورێت هەروەك لە سەدەی بیستەم ئەو حاڵەتە بەدیکرا. ویلایەتە یەکگرتووەکان بڕیاری داوە وەك تاکە دەسەڵاتی باڵادەستی ناوچەیی بمێنێتەوە، جگە لەمەش بە توندی و گرنگیەوە کار دەکات بۆ لاواز کردنی دەسەڵاتی چین، بۆ ئەوەی زیاتر مەترسی لەسەر کۆنترۆڵ کردنی ئاسیا دروست نەکات. ویلایەتە یەکگرتووەکان دەیەوێت هەمان رەفتاری جەنگی سارد لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت کردی لەگەڵ چینیش دووبارە بکاتەوە و هەمان رەفتار بکات. بۆ پاشەکشەکردنی چین و سنووردارکردنی لە گەیشتن بە بە هەژموون، ویلایەتە یەکگرتووەکان یەکێك لە هەنگاوەکانی هاوپەیمانی دەبێت لەگەڵ ولاتانی روسیا،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یابان، هیندستان، سەنگافور و کۆریای باشوور (تیم دانی، میلجا ، ستیف ، ٢٠١٩، ل٢٣٣). ویلایەتە یەکگرتووەکان هێشتا هێزی باڵادەستە لە جیهان و دوای جەنگە ساردەوە پاریزگاری لە سیستەمی جیهانی دەکات، بەڵام ئەمرۆ وەك هەرەشە تەماشای ئەو فرەوانبوونەوەی خێرایەی چین دەکات. جگە لە ڕاگەیاندنی جەنگی ئالوگۆری بازرگانی، ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ ئاماژەی بە جەنگی ساردی نوێ داوە وەك هەرەشەیەکی جدی بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی (ئێن ئار تی، ٢٠١٨).

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زۆر لە پێگەی داهاتووی چین لە سیاسەت و ئابوری جیهاندا دەترسێت، ئەمریکا چین بە گەورەترین و مەترسیدارترین رکەبەری خۆی دادەنێت و ئەم پرۆژەیەش یارمەتیدەرێکی گەورە دەبێت بۆ ئەوەی چین لەڕێیەوە دەست بەسەر ئابوری و بازرگانی بەشێکی گەورەی جیهاندا بگرێت و کاڵاکانی خۆی لەو وڵاتانەدا ساخ بکاتەوە، ئەمەش شوێنپێی ئەمریکا لەق دەکات لەوەیکە وەک گەورەترین زلهێزی ئابوری و سەربازی جیهان بمێنێتەوە.

## 2-3: رووسیا:

روسیا لە بەرامبەر پرۆژەی ئاوریشمی نوێ سیاسەتێکی دوولایانەی هەیە لەلایەك رێکەوتنی بەرژەوەندی خوازانە دەکات و لەلایەکی تریش بەربەست بۆ ئەم پرۆژەیەی چین دروست دەکات .

چین لەگەڵ روسیا چەندین رێککەوتننامەی واژوو کردووە، تەنانەت چین بۆ بەدەستهێنانی رەزامەندی رووسیا رێگەی ئاوریشمی بەرەو روسیا لای داوە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە روسیا پشتیوانی تەواوی پرۆژەی رێگای ئاوریشمی نوێی چینە. ئەوەتا روسیا هەوڵ دەدات بە پێشکەش کردن و پشتیوانی و هاوکاری بۆ یەکێتی ئابووری ئۆراسیا لەبەر ئەوەی دەیەوێت هەژموونی چین لە ناوچەکانی ئۆراسیا کەم بکاتەوە. یەکێتی ئابووری ئۆراسیا کە لە ساڵی ٢٠١٤ لەلایەن رووسیا، بیلاروس و کازاخستان دامەزرا. ئەم کردەوەی روسیا وەك پێشگرتن و بەربەستێك بۆ رێگای ئاوریشمی نوێ لێك دەدرێتەوە .(Varis, 2014) هەروەها خاڵێکی تر کە جێگەی نیگەرانیە بۆ روسیا ئەویش ئەم پرۆژەی چین وادەکات کە ئەوروپا کەمتر پشت بە روسیا ببەستێت و لێی دووربکەوێتەوە و داخوازی نەوت و

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گازی روسیا روو لە کەم بوون بکات. لەبەر ئەوە چین بەم دەستپێشخەریە ئەو پێویستیەی روسیا بۆ ئەوروپا پردەکاتەوە بە تێچوویەکی کەمتر و رێگایەکی ئاسانتر و نزیك تر ئەمەش روسیا بە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خۆی دەزانێت. لە دوای روخانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، رووسیا توانیویەتی هەژموونی خۆی لە ئۆراسیا زیاد بکات و هاوکاریەکی باش لە نێوانیان هەبێت. روسیا ئەو دەستپێشخەریەشی کە لە چین قبووڵ کردووە لە چوارچێوەی هاوکاریەکی یەکێتی ئابووری ئاسیا دەبێت. رێگەیەکی خێرا و راستەوخۆ لەنێوان چین و ئەوروپا دەستەبەر دەبێت کە لەو ناوچەیەدا تێپەردەبێت، کە چەندین ساڵە لە ژێر هەژموونی روسیادایە، کە ئەمە دەکرێت لە دوور مەودادا کێشە لە نێوان هەریەك لە چین و روسیا دروست بکات (حەسەن، ٢٠٢٠، ل. ١١٣، ١١٤)

### 3-3: هیندستان:

هیندستان بە نیگەرانی و رەشبینیەوە دەروانێتە دەستپێشخەری رێگای ئاوریشمی نوێی چین بەتایبەت رێگای دەریایی پرۆژەکە. هیندستان بۆ بەرنگاربوونەوە و بەربەست دروستکردن بۆ دەستپێشخەری پشتێن و رێگا، پێشنیاری دروستکردنی پرۆژەی مائوسامی کردووە(Mausam) ، کە ئەم پرۆژەیە لە دید و تێروانینی هیندستان پەرە بە بوژانەوەی پەیوەندیە هاوبەشە بازرگانیەکان دەدات، هەروەها دروستکردنی جیهانی زەریایی هیندستان کە درێژ دەبێتەوە لە سنوورەکانی رۆژهەڵاتی ئەفریقیا، باشووری ئێران، سریلانکا تاکو باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا. چین هەوڵی داوە کە وڵاتانی ناوچەکە بەشداری چالاکانە و پشکیان هەبێت لە وەبەرهێنان. جگە لەمەش هیندستان پرۆژەیەکی بە مەبەستی وەبەرهێنان و پەرەپێدان بە ژێرخانەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی بازرگانی لە باشووری ئاسیا راگەیاندووە (Zimmerma, 2015, p. 27) لەبەر ئەوە هیندستان بە روونی ئاماژەی بەوە کردووە کە بەشداری پرۆژەی یەك پشتێن و یەك رێگا ناکات و دانی پێدانانێت.

روانگەی هیندستان چ لە رووی ئەکادیمی و چ لەلایەن حکومەتەوە پرۆژەی رێگای ئاوریشمی نوێ بە پرۆژەیەکی سیاسی و ستراتیژی چین دەبینن زیاتر لەوەی کە پرۆژەیەکی ئابووری بێت. ئەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تێروانینەی هیندستان لە لێکۆڵەرەوانیەوە دێت کە بەشداری چەندین کۆبوونەوە و کۆنفرانسیان کردووە لە چین. لەلایەکی دیکەوە هیندستان لەگەڵ ژاپۆن کە ئەویش پالپشتی پرۆژەکەی چین ناکات هەوڵی دروست کردنی رێرەوی ئاسیا و ئەفریقیایان داوە بۆ زیاتر هاوکاری لەنێوانیاندا (Jacob, 2019) لە لایەکی تریش پرۆژەی رێگای ئاوریشم بەشێکی بە پاکستاندا تێپەر دەبێت بەناوچەی کەشمیر کە ئەمەش جێگەی نیگەرانی هیندستانە چونکە بەشێك لە ناوچەکانی کەشمیر هیندستان بە ناوچەی جێناکۆك دەزانێ و هیشتا ئەو ناوچانە کێشەکانیان یەك لا نەبۆتەوە. لەبەر ئەوە ئەو کێشە نەتەوەیی و مێژوویانە لە نێوان وڵاتان و چارەسەر نەکردنیان بەربەست بۆ پرۆژەکەی چین دروست دەکات. جگە لەمەش هیندستان زیاتر لە رێگای ئاوریشمی ئەمەریکاوە نزیکە کە هاوکاریەکانیان لە لە رێرەوی باکوور- باشوورەوە لایەنی ئابووری و دەستگەیشتنی هیندستان بە سەرچاوەکان و بازارەکانی ئاسیای ناوەراست دەستەبەر دەکات .(Zimmerman, 2015, p. 28) چین زۆر هەوڵی داوە کە هیندستان رازی بکات بۆ بەشداری کردن لە دەستپێشخەری ریگای ئاوریشمی نوێ بەڵام هیندستان ئەمەی بە مەترسی زانیوە و بەشداری لەم پرۆژەیەدا ناکات جگە لەمەش گرنگی بە پرۆژەکەی خۆی مائوسامی دەدات وەك وەڵام دانەوەیەك بۆ پرۆژەکەی چین .

**دەرئەنجامەکان**

1- پرۆژەی ئاوریشمی نوێ یەکێکە لە پرۆژە گرنگەکانی چین بۆ بەیەك بەستنەوەی کیشوەرەکان و نزیك کردنەوەی دووریەکان و گەیشتنی وڵاتان بەیەکتر.

2- ئەم پرۆژەیە بۆ چین هەم لە رووی ئابووری و هەمیش سیاسی گرنگە کە سەرچاوەی وزە دابین دەکات و بازارێکیش بۆ کاڵاکانی دەکاتەوە. هەمیش هەژموونی خۆی لەو وڵاتانە زیاد دەکات.

3- بە هەمان شێوە ئەم پرۆژەیە بۆ وڵاتانی بەشداریش گرنگە چونکە دەبێتە هۆی بوژانەوەی وڵاتەکەیان و بەدەستهێنانی کاڵای هەرزانتر و خێراتر.

4- تێکەڵاوبوون و لێك نزیك بوونەوەی کەلتوورەکان یەکیکە لە گرنگیەکانی ئەم پرۆژەیە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دژایەتی پرۆژەکە دەکات چونکە هەژموونی چین مەترسی لەسەر ئەمەریکا و سیستەمی جیهانی دروست دەکات.

6- رووسیا دوولایانانە لە پرۆژەکە دەروانێت لەلایەك رێککەتنی واژوو کردوە لەلایەکی تر یەکێتی ئابووری ئۆراسیای دامەزراندووە کە وەك بەربەستێك و سنووررێك بۆ رێگای ئاوریشمی چین سەیر دەکرێت.

7- لەلایەکی تریش هیندستان دژایەتی خۆی بۆ پرۆژەکە دەربڕیوە چونکە بەشێك لە دەستپێشخەریەکەی چین بە پاکستان و کشمیردا تێپەر دەبێت، بەشێك لەو ناوچانەش ناوچەی کێشە لەسەر و جێناکۆکن لە نێوان هیندستان و پاکستان.

8- ئەم پرۆژەیە هاوکار و یارمەتیدەرێکی باشی چین دەبێت بۆ باڵا دەستی سەپاندنی هەژموونی دیپلۆماسی و سیاسی و ئابووری لە جیهاندا، پاشان گۆڕانی سیستەمی جیهانی، ئەمەشە جێی نیگەرانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە.

9- چین توانیویەتی چەندین وڵات بەشداری پێ بکات لەم پرۆژەیە، ئەمەش چەنسێك دەدا بە چین تا بەهێزتر دەربکەوێت.

10-لە رووی ئابووریە ئەم پرۆژەیە گرنگیەکی تایبەتی هەیە بۆ چین و لە رێگەی ئامانجە ئابووریەکانیش ئاسانکاریەکە بۆ باڵادەستی چین لە رووی سیاسیەوە.

## سەرچاوە

1. کامەران حەسەن، ریگای ئاوریشمی نوێ، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٢٠، ل،١١، ١٢، ١٧،٣٦، ٥٢، ٥٣، ١١٣،١١٤، ١٦٨، ١٦٩).

2. گۆڤاری پەیسەر، چین لە رێی رێگای ئاوریشمەوە جیهان کۆنترۆڵ دەکات، ٢١-٤-٢٠١٩ https://www.peyserpress.com/detail/1938?fbclid=IwAR10C_MBXFRn6LE3RT1ZueAKkGBNyzphHIGDK1oH2Jg9xYrasJkbOTe3XCU

3. پەیرەو ئەنوەر، چین وەك ركابەری ئەمەریكا، پێنووس، ٢٠١٨-١١-١١ http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-12-28/item/1368-2019-01-28-10-20-51

4. د. مەدیحە سۆفی، چین بەرەو دەسەڵاتێكی رەها: توێژینەوەیەك لەمەر گەشەی چین و فرە جەمسەری ئابووری لە جیهاندا، پەیمانگای مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی، ٢٠١٩.

5. بی بی سی، چین جاده ابریشم جدید به بریتانیا را راەاندازی کرد. ٢٠١٧-١-٤، https://www.bbc.com/persian/business-38494064

6. تیم دانی، میلجا كوركی، ستیڤ سمیس، تیۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتیەكان، وەرگێرانی: هێمن شەوكەت، سلێمانی، چاپخانەی حەمدی، چاپی یەكەم، ل ٢٣٣.

7. لە گەڕێكی نوێدا ئەمەریكا و چین رووبەرووی یەكتر دەبنەوە، شیكردنەوەی دیجیتاڵ میدیای ئێن ئار تی، ٢٠١٨-١٠-٢٥، https://nrttv.com/News.aspx?id=7949&MapID=20

8. Man Hung Thomas Chan, The belt and road initiative – the new silk road: a research agenda, Journal of contemporary East Asia Studies, Vol. 7. 2018, issue 2, p 2.
9. Lili Pike, Will Chinese new Silk Road be green?, May 12, 2017, available at: https://dialogochino.net/en/trade-investment/9003-will-chinas-new-silk-road-be-green/?gclid=EAIaIQobChMI4aXP6su16AIVWODtCh1ppAizEAAYASAAEgJUKvD_BwE
10. Yiwwi Wang, Chinese new Silk Road: A case Study in EU-Chinese relations, School of International Study and RDCY, 2015, Vol. 343(1), p 98.
11. Antonina Habova, Silk Road Economic Belt: Pivot to Eurasia of China's way of Foreign policy. China's Marshall Plan, 2015, Vol. 13 (1), p 5, 9.
12. Esteban M and Otero-Iglesias, What are the prospects for the new Chinese-led Silk Road and the Asian Infrastructure Investment Bank, Madrid-Spain Royal Institute, 2015, p 26.
13. -Robert Olsen, Arabia-Asia: China Builds New Silk Road, But is the Middle east Ready?, Forbes, 2012, p. 16, Available at: www.forbes.com.
14. Ngeow, C. & Dittemr, G., Southeast Asia and China: A contest in mutual Socialization, Singapore: Word scientific publishing, 2017, p 211.
15. Jean Marc Blanchard, China's Twenty First Century- Maritime Silk Road initiative: an examination of MSRI narrative, Geopolitics, Vol. 22 issue 2, 2017, p 47.
16. Shatha Khalil, Trade agreement with China… what is waiting for Iraq, Rawabet Center for research and strategic studies, Jan 17. 2020.
17. Xuetong Yan, Silk Road Economic Belt Shows China's New Strategic Direction: Promoting Integration With its Neighbors, Carnegei-Tsinghua Center for Global Policy, 2014.

**18.** Andrew Scobell & Alireza Nder, China in the Middle East, The RAND Corporation, Santa, Monica, Calif, 2016, p 8.
**19.** Xiaodong Zhang, China's interests in the Middle East: Present and Future, Middle East Policy Council. Available at: https://mepc.org/journal/chinas-interests-middle-east-present-and-future
**20.** Vladimir Fedorenko, The new Silk Road initiative in Central Asia, Institute Washington DC, 2013, p, 12.
**21.** Malhorta Aditya, Chinese Inroads into Central Asia: focus on oil and gas, Jornal of Energy Security, 2012, p, 12.
**22.** Emmy Sasipornkam, China's ambitious bid for Southeast Asia hegemony, Made for Minds, 24-12-2019, Available at: https://www.dw.com/en/chinas-ambitious-bid-for-southeast-asia-hegemony/a-51787533
**23.** Shatha Khalil, Trade agreement with China… what is waiting for Iraq, Rawabet Center for research and strategic studies, Jan 17. 2020.
**24.** Marlene Laruelle, The Chinese Silk Road and their Reception in Central Asia, School of International Affairs, George Washington University, 2015, Vol. 132, p, 8.
**25.** Bernhard Zand, The china Question: Time to find a new approach to Beijing, Spiegel International, 2019, available at: www.spiegel.de\
**26.** Olli Varis, Curb vast water use in central Asia, Nature, 2014, p, 17, available at: www.doi:10.1038/514027a.
**27.** Thomas Zimmerman, The new Silk Road: China, the U.S, and the future of Central Asia, Center on International Cooperation, New York University, 2015, p 27, 28.
**28.** Jabin T. Jacob, China's Belt and Road Initiative and its implications for India, Heinrich Böll Stiftung, 25 Feb 2019, available at: www.heinrich böll stiftung.

# The New Silk Road And The Emergence Of China As A Great Power

**Asst. Lect. Ahmed Babakr Ahmed**
Department of Diplomcy and International Relations, College of Law and International Relations, Lebanese French University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Ahmed.babakr@lfu.edu.krd

***Keywords:*** *The New Silk Road, China, the United States of America, Russia, India*

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**Abstract**

The New Silk Road is one of the most important strategic projects of the state of China, which links the countries of Europe, Central Asia, Africa and the Middle East together.

It is intended to approximate the distance between the sea route and the land road to facilitate trade exchanges in a faster way than before, arriving from China to those countries and providing raw materials and natural resources. Regardless of the large and multiple economic interests, On the other hand, it makes China emerge as a great power in political terms and dominates the countries that enter the project, and then China appears as a global power.

China began with the steps of its project and concluded many agreements in that regard, but this project is not without any complications so that China can easily reach its goals, all of America, Russia and India have a danger to China's hegemony in the future, and all of these countries are fighting the project. Chinese according to its economic and political interests, and is trying to prevent China from implementing it.

## طريق الحرير الجديد و ظهور الصين كقوة عظمى

**ملخص:**

يعد طريق الحرير واحد من أهم المشاريع الإستراتيجية المهمة لدولة الصين، و الذي يربط دول اوروبا و اسيا الوسطى و افريقيا و شرق الاوسط مع بعضها البعض.

ويراد به تقريب مسافة و ربط هذه الدول بالصين من خلال الطرق البحرية والبرية، لتسهيل التبادلات التجارية بطريقة أسرع أسهل من قبل، لاسيما عملية نقل المواد الاولية من تلك الدول الى الصين، وبالعكس.

من جهة اخرى تجعل الصين تبرز كقوة عظمى من الناحية السياسية، و تهيمن على الدول التي تدخل المشروع، وبعد ذلك تظهر الصين كقوة عالمية. أذ بدأت الصين بخطوات مشروعها و أبرم عديد من الاتفاقيات من تلك الناحية، لكن هذا المشروع ليس بدون اي تعقيدات حتي تسطيع الصين ان تصل الى اهدافها بسهولة، لأن كل من أمريكا و روسيا و الهند لديهم يشعرون بخطورة على هيمنة الصين في المستقبل، و كل تلك الدول تحاول أن تعيق المشروع الصيني حسب مصالحها الاقتصادية و السياسية.